# جیهانی منالاَن

تایبەتە بە كورتەیەك لە مێژووی 6 ساڵەی
یانەی ساراو گۆڤاری جیانی منالاَن

یانەی سارای منداڵان
S.C.C

**ژمارەی 18**





## گورجوگۆڵ

**میوانی باخچەی ساوایانی سارایە لە گوندی زرگوێزی گەورە**

www.jmnalan.org




## ڕاپۆرتێکی بەڵگەدار   لە  کۆشکێکی پرشنگدار





**بۆ یەکەمینجارە لە مێژوی کورد و کوردستاندا باخچەی ساوایان لەشارەوە بۆ شاخ و گوند گوێزراوەتەوە:**

**خۆشبەختانە گوندی زڕگوێزیش یەکەم گوندە کە باخچەی ساوایانی لە ئامێز گرتوە:**

# جیهانی منداڵان

## گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە




سەرنووسەر

عەلی کیتابی

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری

شەهاب مەنمی


**جیهـــانی منـــداڵان**

**گۆڤارێکی وەرزیەو لە سوێد دەرئەکرێ و لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە**

به زۆری لەسەرCD و ماڵپەڕی جیهانی منداڵان www.jmnalan.org بڵاو دەکرێتەوە

بەتایبەتیش بۆ پشتیوانان و یارمەتی دەران چاپ دەکرێت

## پێڕســـــــت


١ – وتاری سەر دەبیر لاپەڕەی... ٤ ................. ع کیتابی
٢ – یانەی سارا بەرەو بە موئەسەساتی کردنی پەروەردە لە کـــوردستاندا ل ٥ ..........................................,,,.. م ڕەوف حەسەن
٣ – منداڵ و ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵگا ل... ل ٦ ....... شەهاب مەنمی
٤– جێژنی کردنەوەی یانەی سارا لە سلێمانی ........................... ل ٨
4 ریپورتاژ کوردستانی نوێ ژمارە (٣٧٦٢) سێشەممە ٢٠٠/٧/٢٠ ل ٦
٥– ئامانجی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دایکان .............................. ل ١١
٦– پەیوەست نامەیی منداڵ و بەڵێن نامەی دایکی منداڵ,,,,,,,,,,,,, ل ١٢
٧= ئا مانجی بنەڕەتی کۆڕ و کۆبوونەوەی دایکان................. ...ل ..... ١٠
٨ – سەر دانی ڕەسمی لیژنەی وە .زارەتی پەروەردە,.................,,ل ١١
٩ – چالاکیە چڕ و پڕەکان بۆ دابینکردن عەرز بۆ یانە سارا .......... ل ١٣
١٠– ریپۆرتاژی حەوتە نامەی چاودێر ............................ ل ٢٩
١١– سەردان ماموٚستا حەمەسالح فەرەج ............. ل ............. ٣١
١٢ – ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ................ ل...... ٣٢


## وتاری سەردەبیر

پاش حەفتا ساڵ تەمەن: بەتەواوی لەناو تەم و مژی گومان هاتمە دەرێ کە پیم وابوو و ئیستایش پێم وایە مرۆڤ، قەت لە ژیانیدا (ئێرزا ) نابێ. من ئەم ڕاستیەم بە تەجرەبەی لانیکەم پەنجاساڵ لە تەمەنم بۆ ئیسبات بوو، ئێستا کە لەو پەڕی دڵ ئاسوودەگیدام.. کەچاوم بە کارو ژیان و تێکۆشانی پڕ زەحمەت و دەردەسەریو تاڵ و شیرینم دا دەخشێنم، کە بیر لە بیرۆکەی بونیادنانی یانەی سارا و گۆڤاری جیهانی منداڵانەکەم دەکەمەوە، کەچۆن لە مێشکم دا گەڵاڵەم کردبوو، کە بیر لە ڕۆژان و شەوانی پێش سەرەتای سەقامگیر بوونی یانەو گۆڤارەکەم بە هاریکاری کاك شەهاب مەنمی و ماموٚستا ڕەوف حەسەن و ... دەکەمەوە، کە چۆن گەورە ترین ئاواتم ئەوەبوو، کە لە گوندێکی چکۆلەی ناو شاخ و داخ و دواکەوتووی دوور لە شارستانیەتی کوردستاندا، بە خۆم ماموٚستایەکی شارستانی و کارگوزارێکی نۆبەداری بوومیەوە، واتە دایکی منداڵەکان. ڕۆژانە بە ژمارەی تەنیا دە منداڵ و دایکێك لە هەژارترین دایك و منداڵانی گوند، بە شێوە و شێوازێکی نوێی هاوچەخ، وەك ڕچە شکێنیکی بە ئەزموون لە داوێن و بناری دوندی (زۆزان)دا، لە وێ منداڵان پەروەردە و فێری ڕاستیو خۆشەویستی و ڕەوشتی جوان بکەم.

ئازیزانم: ( من کە لە ماوەی دەیانساڵدا بە خەو و خەیاڵ ئەم پلان و بیرۆکەیەم، وەك بەهشتێکی خنجیلانە لەناو ناخ و دەروونی خۆم و ناو چۆڵ و چیا وشاخ و داخی کوردستاندا خولقاندبوو و پاراستبوو بە ئاکام گەیاند: گەرچی بە هۆی پیلانی دەستەلاتدارانی دواکەوتوو و کۆنە پەرست و خەیانەتی خزم و خویش و نزیکترین کەسەکانی خۆم، حەتا تاقانە فرزەندەکەم؟! کە کران بە کەند و کولۆ و کۆسپی سەر ڕێگام).

بەڵێ ئەوکاتانەی ئاواتم ئەوە بوو گشت کەند و کۆسپی کۆنە پەرستانە لە سەر ڕێگاکەم وەلانێم و بارگەو بنەکەم بگەیەنمە هەوارگەی ئاواتم، ئیستا کە بە ئاواتی ئێستا و ئەوسام گەیشتووم و ئەرکی قورسی سەرشانم کەوتۆتە ئەستۆی حوکومەتی هەریمی کوردستان و لەوپەڕی ئارامی و ئاسایش دا دەژیم، ئاوات و ئامانجێکی تر خەریکە مێشکم جەنجاڵ دەکات.. ئەویش ئەوەیە؟ ئایا ئەو عەرزەی بە زەحمەت و تێکۆشان و داواکاری خۆم توانیم بۆ ژێر بینای ناوەندی باخچەی ساوایانی سارا دابین و بەناوی وەزارەتی پەروەردە بۆ منداڵانی ئیستا و داهاتووی کوندی زرگویز و وردە گوندەکانی تری ئەو دەڤەرە تاپۆ کراوە، بە ئاکام گەیشتنی بە چاوی خۆم دەبینم؟. لە شاری یۆتیبۆر سویدەوە ع کیتابی

**مەرج** و بەردی بناغەی یانەی ساراو ئۆرگانەکەی کە ئەم گۆڤارەیە تەنیا ئەم چەند خاڵانەی خوارەوەیە: نووسەران و دەستەی نووسەران و پشتیوانانی، ئەو نووسین و بەرهەمانەی کە بۆ ئەم گۆڤارەی دەنووسن و دەنێرن نابێ هیچ جۆرە بۆن و بەرامەیەکی سیاسی، حیزبی مەزهەبی و ڕەگەز پەرستی پێوەبێ. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیەو مرۆڤە سیاسی و حیزبی و نەتەوەیٚیە سادق و سالم و ساکارەکان لەم کارە پیرۆز بێبەشکەین.. مەبەستی سەرەکی ئێمە ئەوەیە بە وریایی بە دەربەس پاسەوانی درگای ماڵی خۆمان بین و نەیەڵین جاسووسانی چاوچنۆکی سیاسی و حیزبی و مەزهەبی خۆیان بخزێننە ناومان یان بەقازانجی سیاسەتەکانیان بەکارمان بێنن، وەیان بە هەڵە و لاڕێماندا بەرن. هەڵماندێرن. لەماوەی تەمەنی ئەم نیهادەوە تاك و تووك هاتوونەتە ناومان بەڵام بە ناکامیوناچاری پاشە کشێیان کردوە. گ.ج.م

## یانەی ساراو هەنگاوێك بەرەو موئەسەساتیکردنی پەروەردەی منالانی کوردستان

تا ئەمڕۆ لە وڵاتانی جیهانی _ بەناو _ سێیەمدا ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ لە ئەستۆی حکومەتەکان دایە، هیچ یاسا و دەستورێك بۆ ئەو ڕێکخرا و دامەزراوانە لەئارادا نیە کە لەلایەن خەڵکانی مەدەنی و خێرخوازەوە دادەمەزرێن .. لەمەیش تێدەپەڕێت تا ئەوڕادەیەی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان پڕ بەدڵ سڵ لە هەموو هەوڵ و کۆششێك بکەنەوە کە لەم بارەیەوە بدرێت.. بۆیە زۆرجار گەورە دەستەڵاتدارانی ئەمجۆرە سیستەمانە سەرجەم کار و کاروباری منداڵان دەخەنە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیانەوە.. بەو مەبەستەی منداڵان بەو بارەدا ئاڕاستە بکەن لە دواڕۆژدا ببنە مرۆڤێکی لاوازی بێشەخسیەتی ملکەچی فەرمانەکانی خۆیان. ئەمڕۆ لەباشووری مەزنی کوردوستاندا بەهۆی ئەو هەل و مەرجە نۆییەی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی مارس ئازار1991 ڕەخساندی، گەرچی هێشتا ئاسەواری یاساکانی لەئارادا ماوە.. بەڵام دەرفەتیکی لەباریشی خستەوە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوە مەدەنی جۆراوجۆر وە ئەم کارەیش بەنیسبەت منداڵانیشەوە_ کەم تازۆر ئاسانتر بوو. ئیدی گەلێ ڕێکخراوی منداڵانی حوکومی و حیزبی و تاك و ئەرایش نیمچە سەربەخۆ.. سەربەخۆیش دوروست بوو. بیرۆکەی دامەزراندنی (یانەی سارای منداڵان) لەمێژەوە لای برایێکی دڵسۆز و ڕۆماننووسم _ کە لە وڵاتی سوێد دەژی _ گەڵاڵە ببوو .. دوای هەوڵ و کۆششیکی دڵسۆزانە و کۆڵنەدەرانە، ئەوخەونە بووە ڕاستی و واقیع و یانەکەمان دامەزراند..بە و ئومێد و هیوایەی بتوانین وەك ئەزموونێکی نوێ و، بە داراییەکی کەم و سنووردارەوە چەند منداڵێکی کەم دەرامەت و هەژاری وڵاتەکەمان .. لە پەروەردەکردنێکی عەشایەریانەی نێوماڵ و خێزان و دایك و باوکەوە بەرەو پەروەردەکردنێکی ڕێکخراوەیی مەدەنیانەیان بەرین. ئەمەیش بە پەیڕەوکردنی ڕێباز و شێوازی هاوچەرخانە و شارستانیانە نەبێت نایەتەدی. ئەمانەش چەند هەنگاوێکی پێویستن بەرە و ئەم ئامانجانە:

1. دابین کردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئەو منداڵانەی لە یانەکەدا بەشدارن و لە ژیانێکی بەختیار و لەبار مەحرووومن، لەوێدا قەرەبوویان بۆ بکەینەوە:

2. وەك چۆن یانەی سارا باوەشی دڵسۆزیان بۆ دەکاتەوە، ئاواش منداڵان فێری ئەوەبن بەخۆشحاڵیەوە دەستی خۆشەویستی و هاریکاری بۆ خەڵکانیتر درێژ بکەن هەر وەك لە ئارمی تایبەت بە (یانەی سارادا) هاتوو.

3. بە پێی توانا شێوازی پەروەردە کردنی ناڕاستەوخۆ بگرینەبەر، دوور لە وەعز و ئامۆژگاری و ڕێنمایی ڕاستەوخۆ، بەبێ ئەوەی منداڵان هەست بە خۆیان بکەن، فێری ئاکار و مورالە جوان و مرۆڤایەتیەکانی ژیان بن و، لە هەمان کاتیشدا بیر و هەست و هۆش و زانیاریان، لە ڕێی مۆسیقا و گۆرانی و یاری و چیرۆك و شیعر و فیلمی کارتۆن و ... هتد. ئەشو نما بکات.



4. هەمدیسان بۆ گەشەکردنی جەستەیی منداڵەکان، شان بە شانی وەرزش و یاری کردن.، کەم کردنەوە و نەهیشتنی جیاوازی نێوان یاریکردن و وەرزش لەلایان، خواردن و خواردنەوەیان بە پێی بەرنامەیەکی گونجاو لە گەڵ تەمەنیان دا بۆ ئامادەکرێت، سەرباری چاودێری پزیشکی بەر دەوام.

ئەوەی ئەمجۆرە هەنگاوانەمان پیدەنێت بەپلەی یەکەم ڕەچاو کردنی ئاستی تەمەنیانە لە نێوان 3و4ساڵاندان و ئەم تەمەنەیش بە پێی گشت تیۆرە زانستیەکان بە گرینگترین و بایەخدارترین قۆناخ دادەنرێت لە ژیانی منداڵ بە تایبەتی و مرۆ بەگشتیدا، کە ئان و ساتی هەست بە بورنی خۆکردن و ، دروستکردنی کەسێتی_ شەخسیەتێتی و.. جا ئەو کەسێتێتیە لە دەزگەیەکی مەدەنی وەك سارا_دا بە بارە هەموارەکەیدا گەشە دەکات و دەچەسپێ و، .. داهاتوویش مرۆڤێکی وریا و بوێر و بە هێز و دڵسۆز دە خاتەوە، بە پێچەوانەشەوە ئەو منداڵە لە نێو پەروەردەی عەشایەریانەی نێوماڵدا، مرۆڤی تەریك و لاواز و گروز و ڕکگر و خۆویست و ..هتدی لێ دەردەچێت. یانەکەمان ناخوازێت مێشکی منداڵان بە بەرنامە و دوروشمی حیزبی و مەزهەبی و ڕەگەزپەرستی و .. هتد بئاخنێت، ناخوازێت چەکدار و چەتە و جەنگاوەری هەنووکە و داهاتوو بەرهەم بێنێت.. لەداهاتوویشدا ببنە هاووڵاتێیکی ئەو تۆ بزانن ئەرك و مافەکانیان چیە، چالاکانە ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن و لە هەمان کاتیشدا دەستبەرداری مافەکانیان نەبن و..بەشداری کارگەرانەش بە شارستانی کردنی کوردستانماندا بکەن، ئەمەیش هەر لە ڕێی پەروەردە دوروستکردن، پەروەردە کردنی کەسێیتی_ شەخسێیتی _ بە هێزیانەوە، کە بەردی بناغەی ئەو کەسێیتی یە، لەم تەمەنەدا دادەڕژێت.

قسە و باسمان زۆرە و ئومێد و ئاواتی زۆرتریش ... هەردەم ئەو پرسیارە پڕ لە دڵەڕاوکێیە لە هەناوماندا سەر هەڵدەدات .. ئاخۆ یانەی سارای منداڵان هەروەك ئەزموونێکی سەر کەوتوو، بەتەنیا دە منداڵەوە و، لەئاکە گەڕەکێکی شاردا بۆ تەنیا یەکساڵ بڕ دەکات و دەژی؟ یان وەك پرۆژە یێك پەلدەهاوێ و فراوانتر دەبێت و، منداڵە مەحرورمەکانی گەڕەك و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانیش دەگرێتە باوەش.

**رەئوف حەسەن**


سەرپرشتیاری یانەی سارای منداڵان لە سلیمانی

# منالٚ و ناكۆكیەكانی نێو كۆمەڵگا !

**نووسینی**

**شـــــــەهاب مەنمی و عەلی كیتابـــــــی**

لەكاتێكدا كە دەبینین منالآنی ولآتانی ڕۆژاوا خەریكی خۆ ئامادەكردنن بۆ پێشوازیكردنی ساڵی نوێ و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەكەن. هەر لە هەمانكاتیشدا لە سایەی دیموكراسی و ئەمنیەت و ئارامی‌دا لەو پەڕی خۆشگوزەرانی‌دا دەژین، و ئارەزووە كانیان دێنەدی، دەبینین لە زۆر كون و قوژبنی ئەم جیهانەدا منالآن لە زۆرێك لە پێویستییەكانی ژیان بێبەشن.



زۆر ڕوون و ئاشكرایە كە منالٚ بوونەوەرێكی سادە و ساكار و بێدەستەلآتە، لە هەمان كاتیشدا بوونەوەرێكی گەلێك زیرەك و زرینگە و پرسیار لە ناخی‌دا یەكجار زۆرن بەلآم بەداخەوە توانای دەربڕینیان نیە و بەهۆی بارودۆخی ناخۆشی ژیانیان لە ناخیاندا دەخنكێن. هەر لەم ڕوانگەوە ئەگەر لێكۆڵنەوە لەسەر منالٚ بكەین و جیهانی منالآن بدەینە بەر سەرنجێكی زانیاریانە بۆمان دەر دەكەوێ كە بایەخ دان بە مندالٚ و فانتازیەكانی، خالٚی سەرەكین بۆ گەشەپێدانی هەر كۆمەڵگەیەك. هەروەها پێشێل نەكردنی ماف و خواستەكانیان ڕێ خۆشكەرە بۆ وەدی‌هێنان و سەقامگیر كردنی كۆمەڵگەیەكی مودێرنی پێشكەوتوو و دوور لە هەرجۆرە فڕو فێڵ، درۆ، دزی، برسیەتی، بێدەرەتانی و ئاژاوە و توندو تیژی.

چاكسازی و گۆرانكاری لە هەموو بوارەكانی ژیاندا پێویستن، بەلآم لە بواری پەروەردەی منالآندا كارێكە كە دەبێ بایەخی تایبەتی پێبدرێ. مەبەستم ئەوە نیە بوارە جیاجیاكانی ژیان پشتگوێ خرێ و تەنها جەخت بخرێتە سەر بواری منالآن، بەڵكوو كولتووری ئەدەبی توێژە جیا جیا كانی كۆمەڵگا بە هێز كرێو بەتایبەت لاوان. من لە ڕوانگەیەكی مرۆڤ، دۆستیەوە دەڕوانمە ئەم بابەتە و بەڵكو لە ڕوانگەی منالآنەوە كە هیچ گۆڕانكاریەكیان نیە لە ناو كۆمەڵگە دا.

تاوانی منالٚ نیە كە ئێمەی گەورە سالآن لەگەلٚ یەكتری ناكۆكین و ناگونجێین، تاوانی منالٚ نیە كە ڕۆژانە بە دەیان و ڕنگە بە سەدەها كەس دە كوژرێو لەناو دەبرێن، ژینگە و ڕێگاوبان وێران دەكرێن و پوول و پارەیەكی لە ڕادە بەدەر بۆ شەڕ و توند و تیژی و بەیەكدادان بە فیڕۆ دەڕوا، ژێرخانی كاولكراوی ولآت دەبێ سەرلەنوێ ئاوەدان بكرێتەوە. باری سایكۆلۆژی هاو ولآتیان ڕوو لە خراپیێ دەكات، خواست و ئارەزوەكانیان هەرەس دێنێ. ئەمانە هەموو ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ كاریگەری خراپیان لەسەر پەروەردە و گەشە پێدانی منالآن هەیە.

جەنگی جیهانی یەكەم و دوهەم كارەساتێكی یەكجار مەزن و دلٚتەزێن بوو، كۆمەڵگەی ئەوروپی كردە دوو بەشەوە، دەردە سەری و مەینەتیەكی زۆری بەسەر كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هێنا.

قوربانیانی ئەو دوو جەنگە كە خۆی لە سەد ملیۆن كەس دەدا، نەوەی هاوكات و دوا ڕۆژی ئەو قوربانیانە بوون كە توانیان نەفرەت لە جەنگ بكەن و كۆمەڵگایەكی پیشكەوتوو و پڕ لە ئەمن و ئاسایش بۆ خۆیان دروست بكەن و لەوساوە تا ئێستایش منداڵەكانیان بە خۆشگوزەرانی تیایدا دەژین. بێگومان ئەم ئاسایش و خۆشگوزەرانیەی ئێستا نەوەی ئەمڕۆی ئەوروپا لێی بەرخوردارە، بەتایبەت مندالآن، بەرهەمی هۆشیار بوونەوەی ئەو منالٚ و هەرزەكار و لاوانەیە كە مەینەتی و مەئەسات و دەردەسەری جەنگەكانی یەكەم و دووهەمی جیهانیان بێنیبوو، و بینیوە، كەساڵەهایە نەوەكانی نوێی ئەوروپایی لێی بەهرەمەندن.



جا لێرەدا پرسیار ئەوەیە؟ كە ئێمە چۆن بتوانین مندالآنی ئێستا و نەوەی دوارۆژ لەسەر ڕێبازی ڕەوشتی دێموكراسی و پێكەوە ژیان پەروەردەكەین؟ تا لە دوا ڕۆژێكی نزیكدا بتوانین چاكسازی لەو خراپكاریە بكەین كە ئێمەی نەوەی ئێستا بەرپامان كردوە. تەنها ڕێگە چارە بۆ هەنگاونان بەم ڕێبازە ئەوەیە كە لە ئێستاوە بایەخ بە شێوازی فێركردن و پەروەردەی منالآن بدەین. بۆیە دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێ پكەین ( مەبەستم لە باخچەی ساوایانەوە). من لەگەلٚ ڕێزم بۆ هەولٚ و تەقەلای ئەو خەمخۆرانەن كە لە بواری تردا دەیانەوێ گۆڕانكاری لە كۆمەڵگادا دروست بكەن، لە بوواری ژیان و تەندروستی، ئەدەبی، هونەری، سیاسی و هتد. بەلآم بوواری مندالٚ

گرنگێکی لەڕادە بەدەری گەرەکە ئەویش بۆ گەیشتن بەو گۆڕانکاری و چاکسازی یەی نەوەکانی دوارۆژ لە بوواری تردا پێویستیان دەبێت.

گرنگدان و جەخت کردنە سەر ئەم بووارە کۆمەڵایەتیە پێویستی بە میکانیزمێی کاریگەر هەیە. هەر لە ئێستاوە حکومەت و موئەسەساتەکانی کۆمەڵ تواناکانیان بخەنە گەڕ و هەوڵ بۆ چاکسازی و تازەکردنەوەی کۆمەڵگا بدەن. چونکە مەحاڵە چاکسازی لە بوواری کولتوور و هونەر دروست بێت ئەگەر ئێمە ئاوڕ لە منالان نەدەینەوە و لە تەمەنی سێ ساڵی و چوارساڵییدا دەست پێ نەکەین. چ سوودێکی هەیە کار بۆ یەکسانی بکرێ لە کۆمەڵگایەکدا منالْ هیچ مافێکی پەسەند نەکرابێ، هەرچەندە ئەم شتانە



بەیەکەوە بەستراونەتەوە بەڵام پێشخستن و گرنگدان بە بووارێك پێش بووارەکانی‌تر زۆر پێویستە بۆ کۆمەڵگاکانی ئێمە. سوود وەرگرتن لە تاقی کردنەوەی ڕابردوو لەو قۆناغانەی کە کۆمەڵگا پێشکەوتوو خوازەکان لێی تیپەڕیون، کارێکە چەنێ زووتر کاری بۆ بکرێ هێشتا زووە.

من لێرەدا پێشنیازی میکانیزمێك دەکەم کە حکومەت دەتوانێ بە ئاسانی کاری بۆ بکا. زۆر لەو قوتابیانەی کە لە بواری کۆمەڵناسی‌دا لە دانیشگا دەردەچن بێ‌ئیش و بێ‌کارن و ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ تا لە موئەسەسەیەك دادەمەزرێن. هەرچەندە وەکوو کۆمەڵناس سەختە کاریان دەست کەوێت، چونکە کۆمەڵناس لە کۆمەڵگاکانی ناسراو بەجیهانی سێدا زانست و زانیاریەکانی وەکو تیۆری بەکار دێنن نەك وەك پراکتیك. زۆربەیان لە بوار و پیشەی ترداکاردەکەن، پێویستە حکومەت و دسەڵات دارانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێبازی نوێ بدۆزنەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ نموونە بەشی socialanthropology بەشێکی زۆر پێویستە کە لە دانشگاکان دا دامەزرێن، چونکو ئەم بەشە لە کولتور و دابو نەریتەکانی مرۆڤ، دەکۆڵێتەوە و فەلسەفەی جۆراوجۆری تیادا دەخوێنرێت کە دەبێتە مایەی گەشەکردن و دروستکردنی چەندەها پسپۆر لە بوواری کۆمەڵناسی. دوو بەشی گرنگی تر هەن Sociology ، Socionomy کە ڕەنگە لە وڵاتانی جیهانی سێدا بوونیان هەبێت بەڵام بە هەمان شێوە پێویست بە میکانیزمێك دەکات کە بتوانرێت لە شوێنی تایبەت بە پەروەردە و بارهێنانی منالْ و چارەسەر کردنی کێشە و کرفتەکانی نێوان باوك و دایك و منالەکانیان دامەزرێن، لەم شوێنانە پێویستەکا کە کۆمەڵناس ڕۆڵی خۆی ببینێ بۆ کەم کردنەوەی کێشەی منالان. بۆیە دەتوانین بلێین کە نەخۆشخانەکان، خوێندگاکان و دائیرەکان پێویستیان بە دامەزراندنی دەیان کۆمەڵناس و دەروونناس و کەسانی پسپۆڕ لە چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ هەیە. ئەگەر ئاورێك لە وڵاتانی ئەورووپا بدەینەوە دەبینین کە ئەم شێوازە بە تەواوی سەقامگیر بووە و بەردەوامیش گۆڕانکاری و داهێنانی تێدا وەدی دەکرێت. کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر پێوەرێکی مرۆڤایەتی عەقڵانی دروست بووە تاکە کەس بەتایبەت منالْ مافەکانی پارێزراوە. هەروەها بۆ بەهێز کردنی ئەم پێوەرەکۆنکرێتە بەردەوام کۆمەڵناسانی ئەم وڵاتانە گەشە و پەرە بە کارەکانیان دەدەن و بابەتگەلێکی تر دەدۆزنەوە بۆ داهینان.

ڕێکخراوێکی زۆر بەناوبانگی سویدی هەیە بەناوی Bris کە واتە (ماف منالان لە کۆمەڵگا) ئەم ڕیچکخراوە بەردەوام لە چالاکیەکانیدا جەخت دەکاتە سەر مافی منالْ و بەرنامە ڕێژی بۆ خێزان و موئەسەساتەکانی کۆمەڵ دادەڕێژێ واتە منالان لەتەمەنی چوارتا پینج ساڵیەوە ئاشنای مافەکانیان دەکەن وپێیان ڕادەگەیەنن کە لە کاتێکدا توند و تیژی لە هەر لایەنیکەوە لە دژیان بەکار هێنرا یەکسەر تەلەفۆن بۆ ژمارەیەکی تایبەت بەکەن و لەئاکامەکانی ئەو کارە هیچ سڵ نەکەن و نەترسن. کارکردن و گرنگیدان بە منالْ تەنها ئەرکی سەرشانی حکومەت نیە بەڵکو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە بەتایبەت دەسەڵاتدارانی نێو کۆمەڵ. جا وەکو نموونە دەتواندرێت ئاماژە بۆ پێزانینی هەر تاکە کەسێك بکرێت لەو کۆمەڵگایانەدا کە ماف و ئەرکەکانیان زۆر روونەو دەزانن چۆن کاربکەن بۆ مافەکانیان، تەنانەت کلیساکانیان کردۆتە شوێنی پەروەردە و گرینگیدان بەمافی منالْ.



خوینەرانی خۆشەویست

حەزمانکرد لێرەدا بە کورتی و روون و ئاشکرا ئامانج لە شێوازی پەروەردەو کارکردن بەتایبەت لە بواری منالانی سێ تاپینج سالان لە یانەی منالانی سارای ئەوسا و باخچەی ساوایانی ئێسا لە کوردستان بە روونی ئەوکارە وەکو نموونەیێکی بچوك بۆ کۆمەڵگای کوردستان و دەوروبەری شیبکەینەوە کە ئێمەیش تا ڕادەیەك بە پراکتیك بە ئەنجامانمان گەیاندوە بەو هیوایەی باشتر بەئاکامی بگەیەنین.

**سەرەنجام** ماموستا ڕەوف حەسەن یه کمین قۆناغی پڕۆژەی یانەی سارای منداڵانی به شێوەیەکی ڕەسمی و مودیڕن و پێشکەوتوو خوازانه به ئەنجام گەیاند



خانوێکی باش که شیاوی یانەی سارای منداڵان بێت ئیجاره گرت پارەی پێشەکی کرێی ١٧ مانگی به خاوەن خانووه که دا وێنه واته نوسخەیەك له (عقد) ئیجاره نامەکەی بۆناردم/ منیش له بەرابەر کیۆتۆکانی کڕین و دابینکردنی پێداویستیەکانی به تەلەفۆن و فاکس پارەم بۆ دەنارد،



گەرچی ماموستا ڕەوف حەسەن به پێچەوانەی پلانی من جێگەو ڕیگای یانەکەی له گەڕەکێکی هەژار نشیندا دابین نەکرد، وەك چەکێکی بەرندەی مەیدانی ڕکەبەری دژی نەیارانی سیاسی خۆی له پێشچاو مەسئولانی کۆنه پەرستی ئەحزاب بەکاری هێنا!؟ بەڵام بەو حاڵەش که پێچەوانەی نیەت و ئامانجی من بوو سۆپاسیدەکەم.





کۆچی یانەی سارا له سلێمانیەوه بۆ سەقز و بۆکان بۆچی؟



به هێرشی ئەمریکا بۆ سەرنگوونی سەدام کەس پێی وانەبوو کوردستان به پەلەقاژێی سەرەمەرگی سەدامەوه کاولناکریٚ؟! ئەمه هۆیەك بوو و هۆکارێکی سەرەکی تریش ئەوەبوو ماموستا ڕەوف حەسەن بیٚ ئەوەی هێز و توانای مادی و مەعنەوی من لەبەرچاوبگریٚ به خواستی خۆی له پێشچاو نەیارانی سیاسی خۆیدا ئەسپی خەیاڵ وئارەزووی دەڕەتاند. بۆیه ناچار بووم یانەی سارا له سلێمانی هەڵپەسێرم و به دەسمایەی مادی مەعنەوی ئیعتیباری سەرکەو توانەی کارەکانی تا ئەوسای ماموستا ڕەوف حەسەن بەرەو ئامانجی پێشووم دەڤەری شاری سەقز بوو هێزو توانم وەگەڕخست. ئەرکی یانەکەشم به خوشکه نەسرین سپارد، ئەویش به پێی هەل و مەرج و توانای خۆی به باشی نیەت و خواستی منی به ئەنجام دەگەیاند.



کۆچی یانەی سارا له سلێمانیەوه بۆ سەقز و دیواندەره بۆچی؟

6 ڕیپۆرتاژ    کوردستانی نوێ    ساڵی چواردەهەم ژمارە
(٣٧٦٢) سێ شەممە    3762 ٣٠-٨-٢٠٠٥
Tuesday 30/08/2005

## عەلی کیتابی لە مووچەی خانە نشینی خۆی یانەیەکی منداڵانی لە گوندێك كردۆتەوە

**کە چوومە ئەوروپا و پەروەردەی ئەوێم بینی بیرۆکەی ئەم یانەیەم لا دروستبوو ___ ______ ڕئوف محەمەد ئالانی**

پێشتر زۆرم دەبیست کە لە توانادا نییە کاری لەو جۆرە بکرێت، بەڵام کە کاتێك کە سەردانی یانەی سارام کرد لە گوندی زرگوێزی گەورە ئەم گومانەم ڕەویەوە کە چۆن کەسێك دە توانێ



ئەم کارە بکات و تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە، بەبێ ئەوەی پشت بە دینارێکی حکوومەتی هەرێم ببەستێت. زەنگی موبایلەکەم وەئاگای هێنامەوە هەواڵی ناوەکەمی پرسی، وتی: کاکە خۆشحاڵ دەبم لە نزیکەوە یەکتر ببینین، ژمارەکەتم لە بەر پرسی لاپەڕەی ڕێپورتاژەوە وەر گرتوە. شوێنی یەکتر بینینمان دیاری کرد، بەیانی کەوتمە ڕێ تا بگەمە شوێنی دیاریکراو، پێش ئەوەی بگەمە شوێنەکە بە موبایلەکەی وتی: بۆ ئەوەی من بناسیەوە، پیاوێکی سەر سپیم و جلێکی کوردیم لەبەردایە و جانتایەکم پێیە، بەهەرحاڵ کە هاتە پێش خۆی ناساند و وتی: من ناوم (عەلی کیتابی)ە یەکتر ناسینەکە بووە کلیل و درگاکان کرانەوە، وتی:حەز دەکەم پەلە نەکەی تابچم هەندێ سەوزە و میوە و خواردن بۆ منداڵەکان بکرم، ساتێ هاتەوەلام چەن عەلاگەیەکی پرکردبو لە سەوزەو میوە و خواردن، وام زانی بۆ خێزان و منداڵەکانی خۆی ئەم شتانەی کریوە، بۆیە هیچم نەوت و ئۆتۆمبیلەکەم لێخوڕی بەرەو گوندی زرگوێزی گەورە، ساتێ گەیشتینە گوندەکە خانوێکی نیشان دان وتی: ئەم خانوەم بەکرێگرتوە بۆ یانەکە، شێوازی خانوەکە جوان و گونجاو بوو، کەچووینە ناو بیناکە سەردانی ئەو منداڵانەم کرد کە زیاتر لە بیست منداڵ بوون لەقاتی دووەم لەژوورێکی جوان و ڕازاوەدا

فەرشی جوان ڕاخرابوو لەسەر فەرشەکانیش کورسی بچوکی منداڵانە دانرابوو هەرکورسییەك منداڵێکی لەسەر دانیشتبوو، کاك عەلی یەکەبەیەکە منداڵەکانی ماچ دەکرد و قسەی خۆشی لەگەڵ دەکردن، ئەمە یەکەم دیمەن بوو لەتەمەنمدا کە کەسێکی لەو تەمەنەدا بەو جۆرە ببینم و سەرنجی ڕاکێشام. سەرەتا کاك عەلی ژمارەیەك گۆڤاری (جیهانی منداڵان)ی نیشاندام کە گۆڤارێکی وەرزیە دەربارەی منداڵان کە چاپ و وێنەو نووسینەکانی زۆر جوانبوون تا ژمارەی (١٤) چواردەی دەرکردبوو، ئینجا نووسینەکانی خۆی خستە بەردەستم لە ڕۆمان و چیرۆك و بابەتی پەروەردەیی و ئەدەبی و وەرگێڕان کە زیاتر لە (٢٠) کتێبی دانراو وەرگێڕاوی هەیە، کەوتمە پرسیارکردن دەربارەی چۆنیەتی بیرۆکەی دروستکردنی ئەم یانەی منداڵانە، لە وەڵامدا وتی: یانەکەی لەبەهاری (٢٠٠٢) دا کراوەتەوە بە مەبەستی پەروەردە کردنی منداڵانی کوردستان. هەر وەهاوتی: بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم یانەیە دەگەڕێتەوە بۆ (١٢ ) ساڵ لەمەوبەر، کاتێ سەفەری سوێدم کرد و بەناچاری وڵاتم بەجێهێشت کە شێوازی، پەروەردەی ئەوێم بینی کاری تێکرد و بیرۆکەی یانەیەکی لەم جۆرەم هاتە خەیاڵ، ئەوەبوو بیرم کردەوە ئەم یانەیە لە گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی سەقز دامەزرێنم، بەڵام بەهۆی هەل و مەرجی سیاسی



کوردستان نەمتوانی بە ئاشکرا یانەکە لە وێ دا بمزرێنم، بۆیە هەمان بیرۆکەم هێنایە شاری سلێمانی لەگەڕەکی ڕزگاری یانەکەم بونیادنا و دروستمکرد، لەوکاتەدا ئەو کەسانەی هاریکاریانکردم بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم بیرۆکە لە کوردستاندا، برای نووسەر ڕەوف حەسەن ئەرکەکانی گرتە ستۆی خۆی و بە ئاکامی گەیاند، لە ئەورووپایش کاك شەهاب مەنمی هاوکار و پشتیوانم بوو. هەروەها سەبارەت بەوەی کێ هاوکاری مادی کردوە لەم پرۆژەیەدا وتێ: تا بەئاکام گەیاندن و دەرکردنی ژمارەی (١) و (٢)ی گۆڤاری جیهانی منداڵان، لەپاش

ئەوە خوینەرانی گۆڤارەکە یارمەتیان پێشکەش بە گۆڤارەکە دەکرد. بە ڕێژەی ٣٠٪، بەڵام ئەویتر کە دەکاتە ٧٠٪ هەر لەسەر شانی خۆم بوو. لەوەڵامی ئەوەی بۆچی گۆڤارەکە مانگانە نەبوو، دواتر کردت بە وەرزی، وتێ: بواری دەر کردنی گۆڤار سەخت و گرانەو بواری مادیش ڕێگربوو.بۆیە ناچار بووم بیکەم بە وەرزەگۆڤارێك دەربارەی منالان هەروەها وتی: ئەوساتانەی لەسوێدبووم بە فاکس و بەتەلەفۆن، پاشان بە ئیمێل بەردەوام پەیوەندیم بە یانەکەوە هەبوو. ماموستا ڕەوف حەسەنیش لە کوردستان کاروباری یانەکەی بەباشی بەڕێوە دەبرد. بەهۆی پرۆسەی ئازاد کردنی عیراقەوە یانەکەم ڕاگرت، پاش ئەوە لە زستانی ئەمساڵ دا یانەکەم نۆژەن کردەوە و خۆم ڕاستەوخۆ سەر پەرشتی ئەکەم، ئێستا لە گوندی زرگوێزی سلێمانی ئەم خانوەم بەکرێ گرتوە بۆ یانەکە و نووسینگەی گۆڤارەکە، ڕۆژانە (٢٤) منداڵ دێنە ئێرە و ماموەستایەکم بۆگرتوە کە ڕۆژانە وانەی جۆراوجۆر بەمنداڵەکا بلێت و کارگوزارێکیشم بۆ یانەکە گرتوە کە هەردووکیان خۆم مووچەیان دەدەمێ، سەبارەت بە تەمەنی منداڵەکان، وتی: تەمەنی ئەو منداڵانەی دێنە ئێرە لە ٣ساڵ تا پێنج ساڵە ئەمە وەك شێوازی باخچەی ساوایان وایە و یانەکەیش دوورە لە هەموو جۆرە بۆچوونێکی سیاسی و دینیو ڕەگەزپەرستی.

پاش ئەوەی گوفتو گۆمان کۆتایی پێهات تا پشوویەك بدەین



ئینجا کاك عەلی کیتابی وتی: بابڕۆین شوێنی دووەمی یانەکە، کەناوی ( هاوینەهەواری هەڵواسراوی منداڵان)ە ببینین، چووینە ماڵێك، کاك عەلی لە دەرگایدا منداڵێك دەرگاکەی کردەوە یەکسەر منداڵەکەی ماچکرد و چووینە سەربانەکە لەوێ مەلەوانگەیەکی تایبەت بە منداڵانم بینی، پرسیم ئەمەچیە؟ وتی: لەپاش ئەوەی منداڵان وانەکان دە خوێنن دێنە ئێرە مەلەیان پێ دەکەین. ساتێ گەڕاینەوە یانەکە کاتی نیوەڕۆ هاتبوو، بینیم منداڵان خواردنیان بۆ ئامادە کراوە سەر و بابۆڵە لەفەیان بە دەستەوەیەخەریکی خواردنن، پرسیم ئەمە کێ بۆیان دابین دەکات، وتی: لەسەر ئەرکی خۆم خواردن و خواردنەوەیان بۆ ئامادە دەکەم.

### ماموستای منداڵانی یانەکە چی وت؟

ماموستا ( بەهار حەمەئەمین عەلی) کەماموستایە لە یانەکە، جگە لەوەی کەباس لە پێدانی مووچەی خۆی لەلایەن عەلی کیتابی کردەوە، وتیشی: لە بەیانی سەعات هەشتەوە دێمە یانە سەرەتا منداڵان ڕیز دەکەم و فێری سروودیان دەکەم و ئینجا وەرزشیان پێدەکەم و پاشان سواری پاسکیل و ئۆتۆمبیلی منداڵانەیان دەکەم و ئینجا دەیانهێنمەوە ژوورەوە، وانەی ئامۆژگاریان پێدەڵێم، وەك ڕیزگرتنی دایك و باوك و ماموستا و کەسانی تر، بەنیازین منداڵان بکەین بە دوو قۆناغ، بەگوێرەی



تەمەنیان چیان پێویست بێ پێیان بڵێین، هەروەها وتی:هەموو ڕۆژانی سێشەممە دایکانی منداڵەکانیش کۆدەکەمەوە لەسەرشێوازی پەروەردە کردنی منداڵەکانیان قسەیان بۆ دەکەم.

پاش ئەوەی چوومە ناو منداڵەکانەوە ئاواتم دەخواست بۆ گشت منداڵانی کوردستان، بەم شێوازە بە پەروەردەی دروست و هاوچەرخ ڕابهێنرێن، ئینجا چەن منداڵێکم بانگ کردن، کەئەم ناوانەبوون، ( لەنیا تەها، شێنێ محەمەد، شاجوان محەمەد، هێران حەمەجەزا) هەریەکەیان بەوەڵامە ساکار و منداڵانەکەی خۆیان گوزارشتیان لە خۆشی و شادمانی دەکرد و دەیانوت: حەز دەکەین هەموو ڕۆژێك بێینە یانە، ئێرە زۆر خۆشە.

### دوا وتەی عەلی کیتابی

عەلی کیتابی پێی وایە: پێویستە گشت گوندەکانی کوردستان یانەی منداڵانی تێدابێت، چونکە ئەم یانانە بەردی بناغەن بۆ ژیانی شارستانی و مەدەنی، وتیشی: داواکارم حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارم بێت تا ئەم یانەیە بکەینە سەنتەرێکی گەورەی منداڵان. بەباشمزانی بواری دارایی عەلی کیتابی بپرسم، لەوەڵامدا وتی: سەرچاوەی داراییم تەنیا مووچەی خانەنشینی وڵاتی سوێدمە و فرۆشتنی نووسراوە و کتێبەکانمە کە ئەم یانەی پێ بەڕێوە دەبەم.

# ئامانجــى بنەڕەتــى

پێکهاتەی یەکگرتووی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دایکانی منددالآنی یانەی سارا بەکورتی ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

١ - بەداخەوە فەرهەنگی پێکەوە ژیانی (ژن و مێرد) واتە دایك و باوك! لە کۆمەڵگای دەور و بەر و کوردەواریماندا پڕن لە ناکۆکی و دژایەتی بیر و بۆچوون لە کاتی کار و کردەوەی ڕۆژانەماندا بەدرێژایی ژیانمان ڕەنگی داوەتەوە و تیکرار دەبنەوە. زۆر جار دەگەنە ئاستی شەڕو ئاژاوەی نیوان باوك و دایك، تا ئەوئاستە دایك ناچارە بە تۆراوی و



دەست و پێ شکاوی، زولف هەڵکەنراوی کۆرپە بەباوش و منداڵ بە کۆڵ بگەڕێتەوە ماڵەباوانی. چونکە ماف و توانای بەرگری و پارێزگاری لە ماف و جەستەی خۆی نیە. بەداخەوە منداڵەکانمان دەبنە قۆچی قوربانی بۆ ئەم فەرهەنگ و نەریتە کۆن و پرتوکاوە کە تەئسیری نیگەتیف لەسەر کۆرپەڵەی ناو سکی دایکیش دادەنێت و لەناو (مولوکولی شادەمارەکانی‌دا وەك غەریزە جێ‌گیر دەبێت.

٢- ئامانجی بنەڕەتی و ئاواتمان فێر کردن و بارهینان و وشیار کردنەوە و گەشەی زانیاری و فکری کردەوەییە لە گشت بوارەکانی ژیانی هاوسەری و هاو سەرینی دایکان و باوکان و تاکە کەسی و هاوبەشی بێ‌ڕیاو تەزویر لەناو خاو و خێزان و کۆمەڵگەدا، ئەلبەتە بە شێوەیەکی زانستی مودیرنی هاو چەرخە بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکی و

کێشەکانی دەروونی‌و بیرونی ناو خاوو خێزان و دراوسێ و کۆمەڵگەدا .

٣ - بە گوێرەی ڕا و بۆچوونی زۆربەی زانایان و پەروەردەکاران لە بواری فێرکردن بارهێنانی منداڵان لە سەرەتای پەروەردەکردنی بە کۆمەڵیاندا، بەتایبەت (باخچەی ساوایان) ئەگەر ڕۆژانە بە هەر شێوەیەکی شیاو و پێشکەوتوانەی هاو چرخیش پەروەردە بکرێن، کە دوانیوەڕۆ گەڕانەوە ناو خاوو خێزان و باوەشی گەرم و گوڕی دایك و باوکی دواکەوتوو و خورافە پارێزیان ، ئەوەی پیش نیوەڕۆ لە باخچەی ساوایان فێر کراون و فێری بوون، وەك بەرخۆلەیەك کە تاوی لەمەو پێش لەناو مێرگ و چیمەنی پڕ لە هەڵاڵە و گوڵاڵە و دنیایەکی ڕووناکەوە گەڕابێتنە ناو کۆزێکی تەنگ و تاریك، یان گۆمێکی لیخن و ناشیرین، بێ ئەوەی توانای دەربازبوونیان هەبێت تیایدا گیرۆدە دەبن، مامۆستاو فێرکارەکانیشیان ناخواستە ڕەنج بەخەسار دەبن، ناکرێ و ناتوانن (وەزیفە)کەیان کە فێرکردن و بار هێنانە بە شێوەی مودیرن و پیشکەوتوانە پەروەردە و پیشکەشی گەل و نیشتمان و کۆمەڵگەی نیتو نەتەوەیی‌یان بکەن.

بە بڕوا و بۆچوونی‌من هەر بەو ئەندازەی پەروەردە کردنی منداڵ لە باخچەی ساوایان دا پێویستە کە دەبنە بەردی بناغەی کۆمەڵگای مەدەنیەت: ئاوایش فیرکردن و بار هێنانی دایکان و ئاشنا کردنیان بە وەزیفەی هاوسەریەتی و دایکایەتی‌و هاوسێیەتی و کۆمەڵایەتی بە شیوەی زانستیانەی هاوچەرخ پیویست. ئەوسا دەتوانرێ بە یارمەتی‌و هاوکاری مامۆستا و مورەبی و دایکان و باوکان. نەوەیەکی نوێ پیشکەشی گەل و نیشتمان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بکەین.

بەر پرسیار و بونیانگوزاری
یانەی سارا و گۆڤاری جیهان منالآن
2005/8/10 عەلی کیتابی



باخچەی ساوایانی سارا

# بەبوەست نامە

ناوی سیبیانە ......... میژوی لە دایک بوون ......... 2002/3/7

ئەم منداڵە ئەندام و بەشداری پەروەردەی باخچەی ساوایانی سارایە لە گوندی زرگوێزی گەورە



# بەڵین نامەی دایک

ناوی سیبیانە ......... میژووی لە دایکبوون .........

من ......... دایکی ......... بەڵین دەدەم بەو پەڕی توانامەوە هاوکار و گوێڕایەڵ و پابەند بەم موشریف و مودیر و مامۆستاکانی باخچەی ساوایانی سارایم، لە پەروەردە کردنی جگەر گۆشەکەمدا:

بەو هیوایەی فێری ئەو ڕەوشتە شیرین و باشانە بکرێت کەبریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- فێری ڕاستگۆیی و سۆزو خۆشەویستی و دڵاوایی:

٢- فێری دووره پەرێزی لە درۆ ، بڕ و بیانوو، دووزمانی، زمان پیسی، چاوچنۆکی و گرینۆکی و شەڕەنگێزی بکرێت.

٣- فێری هێمنی و هەست و سۆزی خۆشەویستی بۆ مامۆستا و هاوەڵانی چ لەناو باخچە و چ لە ناو ماڵ و چ لەناو خاوو خێزان و کووچە و کۆڵانی گوند و گەڕەك دا

٤- لەگشت گرینگتر ئاشنا کردنی بە ماف خۆی و دایك و باوك و مامۆستا و هاوڕێکانی

٥- فێری ئەوە بیێت بەر لەوەی دەست بۆ هەر شتێك بەرێت، دەبێ لە مامۆستا و هاوڕێکانی ڕوخسەت وەرگرێت . ئەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە نابێ لە کەرەستەی یاری و کەل و پەلی گشتی و تاکەکەسی ناو باخچە و قوتابخانە و ... کەلك وەرگرێت. کەڵك وەر بگرێ بەڵام بە ڕوخسەت و سەرە

٦- فێری سەبر و چاوەڕوانی (سەرە) بکرێت بۆ گشت شتێك بەتایبەت لە کاتی دابەشکردنی خواردەمەنیدا.

سەرپەرشتیار و بونیادنگوزار: عەلی کیانی

واژۆی دایك

## سەردانی لیژنەی وەزارەتی پەروەردەو کشتوکاڵ
## لە یانەی ساراو نووسینکەی گۆڤاری جیهانی منالآن






سەرەنجام پاش ساڵێك لێژنەیەك لەلآیەن وەزارەتی پەروەردەوە هاتن بۆ پشكنین و چاودێری.

بە بینینی شوێنی پەروەردە و چالاكیەكانی گۆڤاری جیهانی منالآن گەشانەوە و وتیان: گشت جۆرە هاوكاریەكتان ئەكەین ، وتم هیچ پێویستیەكم نیە جگە لە بینایەك بۆ یانەكەم وتیان. بینا لە دەستەلآتی ئێمەدا نیە ئێمە خۆمان دەیان مەكان و مەسكەنمان پێویستە وتم:

من بۆخۆم هەوڵ ئەدەم عەرز بۆ ژێر بینای یانەكە لە حكومەت وەرگرم وتیان ئەوكارە بەتۆ باشتر دەكرێ.

سەرەنجام بە زەحمەتێكی زۆر توانیم روبەری ۳۱۰۰ مەتر عەرز بۆ یانەكە وەرگرم.

لیژنەیەك لە وەزارەتی كشت وكاڵ و وەزارەتی پەروەردەوە هاتن پاشگرتنی جێژنێكی خنجیلانە لە گەڵ مندالْكان و لیژنەكەدا چووینە سەر عەرزە دیاریكراوەكە.

سەردانی لیژنەی وەزارەتی پەروەردەو گشتوكاڵ




2006/3/9

## بۆ بەڕێز بەڕێوەبەرێتی شارۆچکەی عەربەت

بابەت / بەخشینی عەرزە بۆ بنیاتنانی بینای (یانەی) باخچەی ساوایانی گوندی زرگوێزی گەورە و دەوروبەری

بەڕێزان من عەلی حەمەئەمین باپیر سەرنووسەری گۆڤاری جیهانی منداڵان و بونیاتگوزاری یانەی سارا ئەوسا لەسلێمانی ، سەقز ، بۆکان و سنە و ئێستاکە ( حەی و حازر لە گوندی زرگوێزی گەورەی سلێمانی.

پاش چوارساڵ تەمەنی یانەکەم کە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێک بە مۆڵەتی ڕەسمی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە لە گەڕەکی ڕزگاری سلێمان و پاشان بەشێوەی نیوەنهێنی و نیوە ئاشکرا و (لامەرکەزی) لەشاری سەقز و بۆکان و سنە، ئیستایش ئەوە ماوەی ساڵێکە لەگوندی زرگوێزی ژێر دەسەڵاتی جەنابتاندا بە جوانترین شێوەی پەروەردەی نوێی هاوچەرخ لە بینایەکی پاک و خاوێن شیک و شیرینی ئەنگەلان دا درێژە بە( حەیاتی ) ئەو نیهادە پیرۆزە دەدەم.

ئێستاکە گرینگترین ئاواتم ئەوەیە بە هاوکاری حوکوومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکانی خێرخواز بینایەك بۆ ئەم نیهادە پیرۆزە بخولقێنم ببێتە ملك و ناوەندێکی هەتا هەتایەی باخچەی ساوایانی ئەوەکانی ئیستاو پاشەڕۆژی گوندی زرگوێز و دەوروبەری . ئەملکی من بێ نە ملکی ئێوە نەملکی کەس . بەڵکوو ملکی منداڵانی کۆرپەی ئێستا و دواڕۆژی کوردستان بێت .

بەرپرسیار و بونیاتگوزاری ( یانەی ) باخچەی ساوایانی سارای ە سەرنووسوری گۆڤاری جیهانی منداڵان. عەلی‌حەمەئەمین باپیر

ناسراو بە میرزا عەلی کیتابی

وێنە

١- بۆ بەڕێز ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان

٢- بەڕێز وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی سلێمانی

٣- بەڕێوە بەرێتی و سەرپەرشتیاری گشتی باخچەی ساوایانی سلێمانی



# کــــۆنــــووس

ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی وزار ژمارە (٢٨٨١) لە ٦/٩/٢٠٠٦ وە نووسراوی وەزارەتی پەروەردە ژمارە ٣١٨ لە ٦/٩/٢٠٠٦ سەبارەت بە تەرخان کردنی رووبەری ١/٦/٠ دۆنم لە پارچە زەوی ژمارە ٢٩/٦ کەرتی ٣٢/ زرگوێز لە بەرئەوە لیژنەی تەرخان کردن لە بەڕێوەبەرایەتی زەوی وزار لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی پەروەردە هەڵسا بە سەردانی ناوچەکە لە ئەنجامدا ئەم زانیاریانەی لای خوارەوەمان بۆ دەرکەوت :-

١- شوێنی دیاری کراو دەکەوێتە سەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە ٢٩/٦ کەرتی ٣٢/ زرگوێز بەپێی نەخشەی ئیفرازکراو کە هاوپێچە لەگەڵ نووسراوەکەدا

٢- رووبەری دیاری کراو بۆ باخچەی ساوایان ١/٦/٧/٠ دۆنمە

٣- ئەم زەوی یە کشتوکاڵیە و خاوەنداریەتی ئەم زەویە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارای و ئابووری بە پێی وێنەی تۆمارییەکەی

٤- ٢٥٠م دووورە لە رێگای گشتی سلیمانی – قەرەداغ

٥- دووورە لە بنکەی تەندروستی زرگوێزەوە بە دووری ٥٠م

لە بەرئەوە لیژنەی تەرخان کردن داوا لە لایەنە پەیوەندی دارەکان دەکات بەدەست هەڵگرتنی رووبەری دیاری کراوی سەرەوە لە سەر پارچە زەوی ژمارە ٢٩/٦ بۆ وەزارەتی پەروەردە بە ناوی باخچەی ساوایانی زرگوێز

بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆنووسەکە هات

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نرمین حسین رەمەزان | فهمی امین عزیز | محمد محمود صالح | روناك رشید محمد | عمرعلی محمد |
| ژ/ و . پەروەردە | راوێژکار | س . پ . پێشکەوتوو | ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
| | و. پەروەردە | ب . زەوی و زار | ب . زەوی و زار | ب . زەوی و زار |

الجمهورية العراقية

وزارة العدل
مديرية تسجيل العقاري العامة
دائرة التسجيل العقاري في ..............

نموذج رقم (٤٣) تسجيل العقاري

**سند مؤقت للمعاملات الدائمية**

| وصف التسجيل العقاري الدائمي الحالي | | | المقاطعة | القضاء | الناحية | رقم الطابق | رقم الجلد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| العدد | التاريخ | رقم الجلد | | | | | |
| ٩٢ | ٢٠٠٦ | ٢٠ | السليمانية | | | | |

| تسلسل العقار | المحلة | الشارع | رقم الباب | رقم القطعة | رقم المقاطعة | اسم المقاطعة |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ٢/٦ | ٤٧ | دركزين |

| | |
|---|---|
| جنس العقار | زراعية رحيبة |
| نوع العقار (الصنف) | مملوكة للدولة |
| المشتملات | |

مالكه أو المتصرف و لقبه:- وزارة المالية

| المساحة | | |
|---|---|---|
| متر مربع | أولك | دونم |
| — | ١١ | ٥٢ |

نوع المعاملة :- الافراز

إشارات التأمينات العينية و موانع التسجيل:-

| القيمة | | البدل | | المبلغ المدفوع الرسم | |
|---|---|---|---|---|---|
| فلس | دينار | فلس | دينار | فلس | دينار |
| | | | | | |

إن دائرة التسجيل العقاري في ....السليمانية
قد نظمت هذا السند المؤقت إلى ..............
ويضمن أخذ السند الأصلي ١٠/٥/٢٠٠٥

التوقيع:
اسم الموظف:
العنوان:

حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی
« بەڕێوەبەرێتی خوێن »
خوێنی سەرەتایی

ژمارە : ١٩٨٩٢
رۆژ : ١٠/٧/٢٠٠٦
پوشپەڕ/٢٧٠٦ / :

بەیان

بابەت/ کردنەوەی باخچەی ساوایان

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پیمان دراوە بڕیارماندا بە :
کردنەوەی باخچەیەکی ساوایان لە گوندی زرگویزی گەورە بە ناوی( باخچەی ساوایانی سارا )

حسێن مصطفی علی
بەڕیوەبەری گشتی

وێنەیەك بۆ:
* سەرپەرشتیاریتی پەروەردەیی
یەکێتی مامۆستایانی کوردستان/لقی سلێمانی
*بەڕیوەبەریتی خۆیەتی
*بەڕیوەبەریتی گەنجینەکان
*بەڕیوەبەریتی ئامادەکردن و ڕاهێنان
*خوێنی سەرەتایی/ ٣
*خوێنی فەرمانبەران
*ژمێریاری سەرەتایی
*ئامار
*دەرکردە
*خولاو

| تێبینی | ژمارە | ناوی کەل و پەل | ز | ژمارە | ناوی کەل و پەل | ز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1 | حەوزی ئاو | -33 | 7 1 | کورسی گەورە | -1 |
| | 1 | پانکەی ئەرزی | -34 | | سلاجە | -2 |
| | 3 | سەبەتەی خۆڵ | -35 | 1 | تەباخی 5چاو | -3 |
| | 1 | سەعات | -36 | 1 | کاوەنتەری سێ دەرگا | -4 |
| | 2 | سۆپا | -37 | 1 1 | فەرشی 5-3 | -5 |
| | 1 | یەک تاقم پلاستیک | 38 | 2 | فرشی 4-3 | -6 |
| دەستە | 3 | پەرداخ | 39 | 1 | مێزی تەلەفزیۆن | -7 |
| دەستە | 2 | کوپ | 40 | 1 | تەلەفزیۆن | -8 |
| | 1 | مەنجەڵی بوخار | 41 | 1 1 | کۆمپیوتەر | -9 |
| | 6 | مەنجەڵی بچوک | -42 | 3 | پریتتەر | -10 |
| | 3 | سینی | -43 | 3 | گسکی کارەبا | -11 |
| | 2 | تەرمۆزی ئاو | -44 | 20 | تەپڵەگی نایلۆن | -12 |
| | 25 | کەوچك | 45 | 1 | علاگەی جل | -13 |
| | 1 | بۆرد | -46 | 2 | کورسی بچوك | -14 |
| | 10 | یاری منالان | 47 | 1 | حەسیری نایلۆن 3—4 | -15 |
| | 1 | گڵپی زینە | 48 | 2 | جێگا پێلاو | -16 |
| | | | | 1 24 | غەسالە | -17 |
| | | | | 1 | مویەریدە | -18 |
| | | | | 1 | مولیدەی 12 ئەم پێر | -19 |
| | | | | 1 1 | ئینجانەی گەورەو بچووك | -20 |
| | | | | 1 | کومبار 5—6 | -21 |
| | | | | 1 | کومبار 3—4 | -22 |
| | | | | 1 4 | مکتەبەی گەورە | -23 |
| | | | | | مێزی ئیدارە | -24 |
| | | | | 5 | فیدیۆ | -25 |
| | | | | 2 | پانکە | -26 |
| | | | | 1 | گڵپی شەحن | -27 |
| | | | | 4 1 | دۆشەکی ئیسفنج | -28 |
| | | | | 1 | پشتی لۆکە | -29 |
| | | | | 3 | بەتانی | -30 |
| | | | | 1 2 | لۆکزی غاز | -31 |
| | | | | 4 | چەتری گەورە سێبەر | -32 |

هەرێمی کـــــــــوردستان

وەزارەتی پەروەردە

بەریوەبەرێتی گشتی پەروەردەی

ســــــلێمانی

ژمارە

بەروار /2006/6/26

بۆ/ بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردە / نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی

ب / وەڵامی لیژنە

بەڕێزان /

ڕۆژی سی شمە بەرواری 2006/6/25 بەپێ ی فەرمانی پەروەردە لیژنەکە سەردانی باخچەی ساوایاتی ( سارا ) مان کرد بۆ وەرگرتن و ناونووس کردنی ئەو کەل و پەلا نەی کە لە باخچەکەدا هەیە کە هەمووی لەلایەن بەڕێز کاك ( عەلی کیتابی یەوە ) کڕاوەو وە هەرلەسەر ئەرکی خۆی بە هەموو پێداویستیەکانەوە ماوەی ( دوو ساڵە ) منالآنی زرگوێز دەوامی تیا دەکەن

وە ئەو کەل و پەلانەش کە لە باخچەکە دا هەیە لە لیستی هاوپێچدا دیاری کراوە و هەموو پێداویستیەکانی باخچەی تیا ئامادە کراوە بە زیادەوە ***کەئەمەش جێگای ڕێزی بێ پایانەو نمونەی دڵسۆزی و پەرۆشیانە بۆ پەروەردەکردنێکی ڕاست و درووست بۆ منالآنی کورد

لەهەر جێیەك بن *** داواکارین نموونەیان هەر زیاد بێت و تەمەن درێژبن

وە لیژنەکە ئەم پێشنیارانە ئەخاتە بەردەم بەڕێزتان ** تکایە بفەرموون

1- دانانی ستافی تەواو لە بەڕێوەبەرو مامۆستا بۆ باخچەکە

2- دیاری کردنی سەرپەرشتیارێك تا لە ئێستاوە کاری بۆ بکات

3- دامزراندنی ئەو کار کوزارو چاودێرانەی کە ماوەی دوو ساڵە کاری تیا دەکەن

4- گۆڕینی ناوی باخچەکە بە ( قتعەیەکی چوئی )

5- دابین کردنی کرێ ی مانگانە بۆ بینای باخچەکە کە بیناکە ( مەدەنی یە ) کرێ کەی (150 ) دۆلار

6- گواستنەوەی ئەو پاسەوانەی کە بۆ باخچەکە دانراوە

| | | | |
|---|---|---|---|
| نازەنین محمود شوقی | نیشتمان کمال عزت | عـــــــەلی کیتابـــــــی | نەرمین حسێن رمضان |
| ئەندامی لیژنە | ئەندامی لیژنە | خاوەنی باخچەکە | سەرۆکی لیژنە |

حكومەتی هەرێمی كوردستان

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەكان

كاروباری خانووبەرەی میری

ژمارە : ٢١٨٨

بەروار : ٢٥/٥/٢٠٠٦

بەرامبەر : / جۆزەردان / ٢٧٠٦

**بۆ/ وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار**

**بابەت / ڕەزامەندی**

نووسراوتان ژمارە ( ١٠٠٠ ) لە ٢٠٠١/٥/١٥ دا

ڕەزامەندی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری وەرگیرا لەسەر تەرخانكردنی ڕووبەری ( ١،٦ ) یەك دۆنم و شەش ئۆلك لەپارچە زەوی ژمارە ( ٢٩/٦ كەرتی / ٢٧ زرگوێز ) بۆ وەزارەتی پەروەردە بەمەبەستی دروست كردنی باخچەی ساوایان دوای كرداری جیاكردنەوەی .

لەگەڵ ڕێزدا ...

بنستون محمد كريم
بەڕێوەبەری گشتی

وێنەیەك بۆ /

- وەزارەتی هەرێم بۆكاروباری دارایی و ئابووری / نووسینگەی تایبەت / لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی هەرێم بۆكاروباری دارایی و ئابووری / نووسینگەی بریكاری وەزارەت / لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد / ب . گ . تۆماركردنی خانووبەرە / لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی پەروەردە / ب . گ . پەروەردەی سلێمانی / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەكان / كاروباری خانووبەرەی میری / لەگەڵ سەرەتاكانیدا .
- بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری سلێمانی / بۆ ئاگاداری تكایە .
- خولاو

ژماره/.. ١٥٣ ............
بەروار/٥/٧ / ٢٠٠٦

باخچەی ساوایانی سارا

له بەر پرسیار بەرێوه بەری باخچەی ساوایانی گوندەی زرگوێزی گەوره

بۆ بەڕێز / بەریوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

بابەت / ناساندنی ئەو مامۆستا و کارگوزارانەی تا ئێستا له باخچەی ساوایانی سارا دا کاریان کردوه

١ / بەهار حەمه ئەمین عەلی وەك مامۆستا به سەرپەرشتیاری و ڕێنوینی خۆم زۆر سەرکەوتوانه کاری کرد. هەروەها به پێی بەرنامەیەکی داڕێژراو بەرپرسیاری کۆڕو کۆبوونەوەی حەوتانه دایکانی منداڵانی باخچەکەمان بووه

٢/ شارا ئەحمەد محەمەد وەك کارگوزاریکی جیگای متمانه و برپرسیاری چێشت و خواردەمەنی منداڵەکان به باشترین شێوه کاری کردوه.
٣/ نەسرین محەمەد ئەحمەد که له بنەماڵەیەکی هەژار و دەست کورته لەم دواییانەدە پیش پشووی هاوین بۆ ماوەی دوومانگ وەك کارگوزارێك کاری کردوه

لەگەڵ ڕێز و سوپاسی سەرنجیر گۆڤاری جیهانی منالان و بەر پرسیار و بونیانگوزاری باخچەی ساوایانی سارا لەگوندی زرگوێزی گەوره

عەلی کیتابی

ژمارە/ ۱۵۹.
بەروار/ ۲۰۰٦/۸/۲۲

باخچەی ساوایانی سارا

له بەر پرسیار بەرێوه بەری باخچەی ساوایانی گوندی زرگوێزی گەوره

بۆ بەرێز / به ڕیوه بەری گشتی پەروەردەی سلێمانی

بابەت/ ڕەزامەندی بۆ گواستنەوەی کارگوزار

ڕەزامەند و نیازمەندم بەگواستنەوەی عوسمان ئەحمەد قادر بۆ کارگوزاری باخچەکەمان واته باخچەی ساوایانی سارا له گوندی زرگوێزی گەوره.

لەگەڵ ڕێز و سوپاسی بەر پرسیار و بونیانگوزاری باخچەی ساوایانی سارا لەگوندی زرگوێزی گەوره

عەلی کەیتابی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی پەروەردە

بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

«بەڕێوەبەرێتی خوێندن»

خوێنی سەرەتایی

ژمارە :

ڕۆژ : / / ٢٠٠٦

٢٧٠٦/ / :

**بۆ // بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەی « »**

**بابەت/ پەیوەندی**

بەڕێز « » لەسەرمیلاکی قوتابخانەکەتان دامەزراوە تکایە لە پەیوەندی کردنیان ئاگادارمان بکەنەوە لەگەڵ ڕێزدا ........

نعمان عثمان محمود

ل / خوێنی سەرەتایی

تێبینی // پێویستە لەماوەی یەک هەفتەدا پەیوەندی بکەن بەقوتابخانەی ناوبراو لەبەرواری دەرچونی ئەم نوسراوەوە بە پێچەوانەوە مافی دامەزراندنی نامێنێت

حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی
{ بەڕێوەبەرێتی خوێـــی }
خوێی سەرەتایـــی

ژمارە :
رۆژ : ٢٠٠٦ / ٩ / ٢٢
٢٧٠٦/ / :

**بۆ // بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەی { [illegible] }**

**بابەت/ پەیوەندی**

بەڕێز { [illegible] } لەسەرمیلاکی قوتابخانە کەتان دامەزراوە تکایە لە پەیوەندی کردنیان ئاگادارمان بکەنەوە لەگەڵ رێزدا ........

نعمان عثمان محمود
ل / خوێی سەرەتایی

تێبینی // پێویستە لەماوەی یەك هەفتەدا پەیوەندی بکەن بەقوتابخانەی ناوبراو لەبەرواری دەرچوونی ئەم نوسراوەوە بە پێچەوانەوە مافی دامەزراندنی نامێنێت

حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی پەروەردە

بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

﴿ بەڕێوەبەرێتی خوێی ﴾

خوێی سەرەتایی

ژمارە :

رۆژ : / / ٢٠٠٦

: / / ٢٧٠٦

## بۆ // بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەی ﴿ [illegible] ﴾

## بابەت/ پەیوەندی

بەڕێز ﴿ شەهلا محمد ﴾ لەسەرمیلاکی قوتابخانەکەتان دامەزراوە تکایە لە پەیوەندی کردنیان ئاگادارمان بکەنەوە لەگەڵ ڕێزدا ........

نعمان عثمان محمود

ل / خوێی سەرەتایی

تێبینی // پێویستە لەماوەی یەک هەفتەدا پەیوەندی بکەن بەقوتابخانەی ناوبراو لەبەرواری دەرچوونی ئەم نوسراوەوە بە پێچەوانەوە مافی دامەزراندنی نامێنێت

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

ئە نجومەنی وەزیران

وەزارەتی پەروەردە

بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

﴿ بەڕێوەبەرێتی خوێـــی ﴾

خوێی سەرەتایـــی

ژمارە : [illegible]

ڕۆژ : [illegible] / [illegible] / ٢٠٠٦

٢٧٠٦/ / :

**بۆ // بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەی ﴿ [illegible] ﴾**

**بابەت/ پەیوەندی**

بەڕێز ﴿ [illegible] ﴾ لەسەرمیلاکی قوتابخانە کەتان دامەزراوە تکایە لە پەیوەندی کردنیان ئاگادارمان بکەنەوە لەگەڵ ڕێزدا ........

نعمان عثمان محمود

ل / خوێی سەرەتایی

تێبینی // پێویستە لەماوەی یەك هەفتەدا پەیوەندی بکەن بەقوتابخانەی ناوبراو لەبەرواری دەرچونی ئەم نوسراوەوە بە پێچەوانەوە مافی دامەزراندنی نامێنێت

ژمارە...١٥٤......................

بەروار...٢٠ / ٩ / 2006...

یانەی سارای ئەوسا

باخچەی ساوایانی ئێستا لە گوندی زڕگوێز

بۆ/ بەڕێز بە ڕێوە بەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

بەشی خۆیەتی سەرەتایی

بە پێی نووسراوتان ژمارە ت ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٢٠ ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین کە مامۆستا ( [illegible] )لە ڕۆژی شەمە ٢٠٠٦/٩/٢٣ پەیوەندی کرد بە باخچەکەمانەوە باخچەی ساوایانی سارا وە تکایە ئاگادارین

ڕونیانگوزار و سەرپەرشتیار عەلی کیتابی

# وه‌ك منداڵ په‌روه‌رده نه‌كراوم

## چاو پێكه‌وتنێك له گه‌ڵ عه‌لی كیتابی

ساز كردنی ______ سۆران موكوریانی

میرزا عه‌لی كیتابی له بناری قه‌ندیل له نێوان مه‌هاباد و خانێ له‌دایك بووه. به وته‌ی خۆی له ١٢ ساڵی به‌ولا بۆخۆی نه‌ژیاوه و له‌خزمه‌تی خه‌ڵكدا بوه ماوه‌ی ٢٠ ساڵ پێشمه‌رگه‌بووه و له ده‌ره‌وه‌ی ڕۆژهه‌لاتی كوردستان سه‌رقاڵی خه‌بات بووه و ئێسته ش له گوندی زرگوێز دایه و باخچه‌یه‌كی ساوایانی كردۆته‌وه له بواری له بواری په‌روه‌رده‌ی منداڵاندا له چوارچێزوی (یانه‌ی سارای مداڵان) دا خه‌ریكی چالاكییه به‌م




بۆنه‌وه چه‌ند پرسیارێكمان ئاراسته‌ی به‌ڕێزیان كرد كه ئه‌مه ده‌قی ئه‌و وتوو وێژه‌یه.

پ: یانه‌ی سارای منداڵان چه‌ندساڵه و به چ مه‌به‌ستێك دامه‌زراوه و ئه‌زموونه‌كانی خۆی له چ بوارێكدا تاقی كردۆته‌وه؟

و: یانه‌ی سارای منداڵام ماوه‌ی پێنج ساڵه دامه‌زراوه، سه‌ره‌تا بریار وابوو له ئێران له گوندی (چاخلوو) دابمه‌زرێ كه سه‌رده‌می خۆی، واته له‌كاتی پێشمه‌رگایه‌تی‌دا له‌و ناوچه‌یه خزمه‌تی خه‌ڵكم كردبوو و.....به‌لام نه‌كرا و له سلێمانی دامه‌زرا. من خۆم له ولاتی سوید بووم و ئه‌وكات ئه‌و كاره‌م به (مامۆستاڕه‌وف حه‌سه‌ن) سپارد كه به باشی به ئه‌نجامی گه‌یاند و یانه‌ی سارا دامه‌زرا و منیش له‌باری مادی و مه‌عنه‌وی یه‌وه به‌رپرسیایه‌تیم وه ئه‌ستۆ گرت. مه‌به‌ستی سه‌ره‌كی یانه‌ی سارا(٢)خاڵی گرینگ بووه. خاڵی یه‌كه‌م په‌روه‌رده‌ی منالانه و خاڵی دووهه‌م بژیوی منداڵان. ئه‌و دۆخه‌ی كه من ده‌ستم پێكرد، واته پێنج ساڵ له‌مه‌و پێش، برسییه‌تی و بێده‌ره‌تانی هه‌م له ڕۆژهه‌لات هه‌م له باشووری كوردستان په‌ره‌ی گرتبوو، وه‌ك ئێستا نه‌بوو، ئه‌و وه‌خته‌ی كه یانه‌ی سارا هاته مه‌یدانه‌وه ئێمه مه‌به‌ستمان




ئه‌وه‌بوو، منداڵانێك له‌خۆمان بگرین كه هه‌ژارترین منداڵانی گه‌رك بن، به‌لام ئێستا له‌م قۆناغه‌دا كه برسیه‌تی نه‌ماوه، مه‌به‌ستمان په‌روه‌ده كردنی مودیرنی هاو چه‌رخی منداڵانه.

پ: به ئاماژه به‌وه‌ی كه له بواری په‌روه‌رده‌ی هاوچه‌رخی منداڵاندا شاره‌زاییتان هه‌یه، رای خۆتان سه‌بارت به سیسته‌می په‌روه‌رده‌ی منالان له كوردستان، له‌چاو ولاتانی دی كه خاوه‌ن ئیمكانات و ئامرازی پێشكه‌وتو ترن له‌م بواره‌وه چییه؟ یا له واقیعدا گه‌ر بته‌وێ له‌گه‌ڵ ولاتانی پێشكه‌وتو دا به‌راوه‌ردی بكه‌یت چۆن هه‌ڵی ده‌سه‌نگێنیت؟

و: هه‌ڵبه‌ت من خۆم له منداڵییه‌وه وه‌ك منداڵ په‌روه‌رده نه‌كراوم و بێبه‌ش بووم له گشت شێوازه‌كانی په‌روه‌رده‌یی منداڵان، من كاتێ ڕۆمانی سارام نووسی ( سه‌بارت به په‌روه‌رده‌ی منداڵانه)، ئه‌و ڕۆمانه بۆمن بووبه بناغه‌یه‌ك و هۆكاری ئه‌وه‌بوو له شێوازی په‌روه‌رده و بارهێنانی منداڵان به شێوه‌یه‌كی پێشكه‌وتوخوازانه دابمه‌زرێنم، گشت گرینگتر وه‌خێ كه‌من ئاواره‌بوم چووم بۆ ولاتی سوید، شێوازی په‌روه‌رده‌ی ولاتی سویدم بینی ئه‌و بیرۆكه‌یه‌م

لادروست بوو کەمن بە شێوەیەکی نوێو پێشکەوتوخوازانە منداڵانی کوردستان پەروەردە بکەم وەك نموونەش لە گوندەکانەوە دەستم پێکرد.

یەکەمینجار بوو لە کوردستان باخچەی ساوایانی سارا پێشکەوتو خوازانە بەشێوازی پەروەردەیی وڵاتی سوید دەستی پێکرد

پ: لەم پێناوەدا بیستومانە گۆڤارێکیش بە ناوی (جیهانیمنداڵان) بڵاو دەکەنەوە.... پێمان خۆشە سەبارەت بەو




گۆڤارە بۆمان باس بکەن.. لە کەیەوە دەردەچێت و چەن ژمارەی لێ دەرچووە و ناوەرۆکی زۆرتر چ تەوەرەگەلێك دەکرێتەوە؟

و: ئەو گۆڤارە لە سەردەمێکدا کە یانەی سارا لە سلێمانی پێکهات وەك بڵاوکراوەی ئۆرگانی یانەی سارای مناڵان دەرچوو ماوەی پێنج ساڵە بەردەوامە و تا ئێستا١٧ ژمارە باشترە بڵێن ١٧ وەرزنامەی لێ دەرچووە لەگەڵ پاشکۆیەك کە هەموو چالاکییەکانی ئەم ٢ ساڵە واتە لەو کاتەوە کە یانەی سارام نۆژەن کردۆتەوە و لە سلیمانیەوە گوێزاومەتەوە گوندی زرگوێز، تەواوی ئەو چالاکیانەی تێدا دە بینرێتەوە.

پ: دەسکەوتەکانی ئەم یانەیە لەکاتی دامەزراندنیەوە تا ئێستا چین و ڕێژەی ئەو منداڵانەی کە بەشدار دەبن لە چ ئاستێکدان؟

و: یانەی سارا بەباشی جێی خۆی کردۆتەوە و بە شێوەیەك جێگیر بووە کە بێوینەیە، بەخۆشییەوە بۆ یەکەمینجار بوو کە لە کوردستان باخچەی *ساوایانی سارا پێشکەوتو خوازانە بە شێوازی پەروەردەیی وڵاتی سوید دەستی پێکرد و لە شارەوە بەرەو شاخ و گوند گوێزراوەتەوە و گوندی زرگوێزیش وەك یەکەمین گوند لە کوردستاندا باوەشی بۆ باخچەی ساوایان کردۆتەوە. باخچەی ساوایان لە گوندی زرگوێزدا بە باشی جێگیر بووە، وەك شتێکی بێوێنە چاوی لێدەکرێت. ئێستە ڕەنگە لەسلێمانی و دەوروبەردا نزیکەی سەد باخچەی ساوایان هەبێت لە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوە دەچن، بەڵام هیچیان وەك ئەم یانەی ئێمە لە باری سیستمی پەروەردە و بناغەی دامەزراندن و... ئامانجی سەرەکی ئیشەکەیان نەبووە.*

پ: *تا ئێستا چۆن پێشوازی لەو یانەیە کراوە، بە تایبەت لە لایەن بنەماڵە* کانەوە؟

و: من وەختێ کەویستم لە گوندی زرگوێز یانەی سارا دابمەزرێنم، هیچ پرسێکم بە خەڵکی ئەو گوندە نەکردوە و بە خەڵکیشم نەوت کە خزمەتێکی ئاوەهاتان بۆدەکەم، ئەو ئیشەی کە من کردوومە تا ئیستا دەکراوە. بە گشتی من لەم بوارەدا شۆرشێکی فەرهەنگی بناغەیی تا ئێستا نەکراوم کردوە، خەڵك پێیان ناخۆش نەبووە چونکە لەباری ئابوریشەوە من هیچ




چاوەڕوانێکم لەوان نەبووە هەموو ئەرك و کەرەستە و پێداویستی ئەم کارە لەسەر شانی خۆم دابین کراوە.

پ: لەم پێناوەدا ئایا لە ڕێکخراو یان ناوەندێکی تایبەت یارمەتیتان وەر نەگرتووە؟

و: من داوام لەهیچ ڕێکخراو و لایەنێك نەکردوە کە یارمەتیم بدات، لەم دووایيانەدا کە ئیشەکەم بەتەواوی جێکەوت داوام لە حکومەتی هەرێم کرد کە چاودێری و هاوکاری و بەشداریم بکات خۆشبەختانە بە دەنگمەوە هاتن و بڕیاریان دا پشتیوان و بەشداری ئەو ئەرکە پیرۆزە بکەن، بەڵێ یارمەتیشیان داوم .

## سـەردان

### م / حەمەسالح فەرەج زەلانی



لە بەرواری ٢/١١/٢٠٠٦چووم بۆ باخچەی ساوایانی سارا لە گوندی زرگوێز، ئەم خاڵانەی خوارەوەم ڕەچاو کرد:

باخچەی ساوایانی سارا، (تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان وتەنی) لەلایەن بەڕێز ( بیرکار و فێرکارێکی کوردەوە ) دامەزراوە. ئەو مرۆڤە خاس خوازە، هەستاوە بە خزمەتکردن و فێرکردنی منداڵانی گوند و دابین کردنی سەرجەم پێویستییەکانی باخچەکە لە کورسی و مێز و ڕاخەری شیك و شیرین تەلە فرزیۆن و ویدئۆ و گەرم کەرەوە و فێنك کەرەوە بۆ هاوین و زستان. هەروەها کەل و پەلی یاری و خواردن و خواردنەوە بۆ قوتابیان لە هەموو ڕۆژانی دەوامدا، هەروەها سەیران و سەفەر هەر چەند حەوتوو جارێك لە باخچەکەوە بۆ سەیرانگەی سەرچنار و پارکی ئازادی و شاری یاری لە ناوەڕاستی شاری سلێمانی.هەروەها دابینکردنی مووچە بۆ مامۆستایەکی بەڕێز و چەند کار گوزارێك بۆ خزمەتی منداڵان و یانەکە.



کەچاوم بە ئارشیڤی نووسینگەی گۆڤاری جیهانی مناڵان و یانەی سارادا گێرا، لە پاشکۆی ژمارە ١٧ی گۆڤارەکەدا کە ئۆرگانی یانەی سارایە، ئەم خاڵانەی خوارەوە سەرنجی ڕاکیشام،

**- دوای پێنج ساڵ لە بەردەوامی کردنەوەی ئەم یانەیەدا، سەرەتا لە بەهاری ( ٢٠٠٢ ) بە ڕەسمی و ئاشکرا لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانیدا کرایەوە و پاشان بەنیوە ئاشکرا و نیوە نهێنی لە شارەکانی سەقز و بۆکان و سنە و پاشانیش بە کۆکردنەوە وگواستنەوەی هێز و توانای سەرجەمیان و نۆژەن کردنەوەی یانەی سارای سلێمانی لە گوندی زرگوێز. ئێستاش (مامۆستا میرزا عەلی کیتابی) ئەم باخچە خنجیلانە و سەقامگیر و بە ئاکام گەیشتوەی بە گشت ئیمکانات و کەل و پەلەکانیەوە پیشکەش و تەسلیمی وەزارەتی هەرێمی کوردستان واتە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی کردوە.**

**2- بە هەوڵ و تێکۆشان و داواکاری (مامۆستاعەلی)وە ڕووبەری ٣١٠٠ مەتر زەوی لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ لقی تانجەرۆ بۆ ژێر بینای باخچەی ساوایانی سارای گوندی زرگوێز، تەرخان و تاپۆ کراوە.**



**3 – شێوازی فێرکردنی ڕەوشتی جوان و گۆرانی و چەپڵەڕێزانی منداڵانە و یاری و بە کۆمەل خواردن و خواردنەوە لە کاتی ژەمی قاوەڵتی پێش کۆتای دەوام و بە پۆل ڕۆیشتنەوەیان ، دیمەنێکی جوان و ڕازاوە بوو.**

**4 – کە سەرنجی ئەو چوارمامۆستا تازە دامەزراوەمدا کە بریتی بوون لە سێ کچ و کوڕێکی لاو تازە دەر چووی پەیمانگە هونەرە جوانەکان بە خۆی و ویلۆنەکەیەوە دیمەنێکی جوان و ڕازاوەی بۆ سەرجەم قوتابی و مامۆستا و کارگوزارەکان وەدی هێنابوو. سەعات ١٢ی نیوەڕۆ پاسێکی ٢١نەفەری هاتە بەر درگای باخچەکە تیکڕا مامۆستایانی قوتابخانە و باخچەکەی بەرەو سلێمانی هینایەوە.**

سالّی پانزەهەم ژمارە (٤٠٨٥) پیێنجشەمە٢٨/٩/٢٠٠٦ كوردستانی نویّ
ڕیپورتاژ لاپەڕە ٧

# یانەی سارا، لە دێی زرگوێز كرایە باخچەی ساوایان

ڕەئــــوف ئالانــــی پێر شارباژ

پاش سالیك كاتێك سەردانی گوندی زرگوێزی گەورەم كرد بە مەبەستی بینینەوەی (عەلی كیتابی) خاوەن بیرۆكەی دامەزراندنی (یانەیسارا) زۆرشت سەرنجی ڕاكێشام. كرینگترینیان سەرنجدان لە هەستی خۆشحالّی كاك عەلی بەرامبەر كارەكەی كە بە ئاكام گەیشتوە، لە لایەكی تر وەفا پێزانینی ئەم پیاوە بۆ حكومەت و بەرپرسانی پەروەردە كە ئامێزی گەرمیان بۆ یانەكە كردۆتەوە و بوونە پشتیوان و هاوكار بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەروەردەی هاوچەرخ.

## هەولّەكانی عەلی كیتابی

هەرلەو كاتەوەی عەلی كیتابی، یانەی سارای بۆ مندالآن كردۆتەوە، هەولّی زۆریداوە بۆ بەردەوامی و پێشخستنی یانەكە، هەر بۆیە بەڕێوە بەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بەیانی كردنەوەی باخچەی ساوایانی سارا لە ژمارە (١٩٨٩٢) (١٠/٧/٢٠٠٦)دا دەركردوە، واتە گۆڕینی یانەكە بۆ باخچە، جگە لەوە حكومەت ئەركی یانەكە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، سەرەڕای ئەو هەولآنەی كە عەلیكیتابی بۆ لایەنی وەزارەتی پەروەردە ئەنجامیداوە، هەولّی داوە و نوسراوی ئاڕاستەی ئەم لایەنانە كردوە، ( پارێزگاری سلێمانی ناحییەی عەربەت، لقی كشتوكالّی تانجەرۆ و زۆر شوێنیتر.)

## گەیشتن بە ئامانج

كیتابی لە كاتی قسەكانیدا دەیوت:

= من بە ئامانجی خۆم گەیشتوم لە كارەكانمدا، چونكە هەر لەوكاتەوە (یانەی سارا)م دامەزراند بەشێوەیەكی هاوچەرخ بەڕێوەدەچوو، سەبارەت بە گۆڕینی ناوی یانەكە بۆ باخچەی ساوایان وتی: لەبەر ئەوەی باخچە فراوانترە و لە پەروەردەدا هەر باخچە هەیە بۆ منالآنی پێش چونە قوتابخانە، ناوەكەی گۆڕدرا بووبە باخچەی ساوایانی سارا لە گوندی زڕگوێز).

كیتابی وایباسكرد كە لەسەرەتای دامەزراندنی یانكە، تا وەرگرتنی لەلاییەن وەزارەتی پەروەردەوە، هەموو ئەرك و كارەكانی ئەو یانەیە بە تەنیا وە ئەستۆی گرتبوو، بەلاّم لەمەو دووا پەروەردە ئەرك و كارەكان ڕایی دەكات، هەروەها سەبارەت بەو لیژنانەی سەردانی یانەكەیان كردبوو وتی: زۆرلایان پەسەندبووە، سەر پەرشتیاری یانەكە داوای بینای كردوە چونكە ئەو بینایەی ئێستا بەكار دەهێنرێت بچوكە و جێگای ئەو مندالآنەی تێدا نابێتەوە كە ژمارەیان لە چل نزیك بۆتەوە، بەلّكو تەنیا بەكەلّكی (٢٠) مندالّ دێت، جگە لەوەیش بیناكە حەوشەی نییە تا مندالآن بەئارەزوی خۆیان بتوانن یاریبكەن. لبژنەكە بە (كیتابی)یان ڕاگەیاندوە، هەموو هاوكاریەكت دەكەین، تەنیا دروستكردنی بینا نەبێت چونكە ئەو ئەركە لە ئەستۆی ئێمەدا نیە ئەوكارە بە ئەنجومەنی وەزیران دەكرێت، لەم كاتەدا نەبوونی بینا لە ناوشاریشدا بۆتە كێشە، لەوەلآمدا كیتابی بە لیژنەكەی وتوە: من لە گشت شوێنێك هەولّ دەدەم تا بینایەكمان بۆ دروست بكەن، ئیستا لە لقی كشتوكالّی تانجەرۆ روبەری ٣١٠٠ مەتر زەویم وەرگرتوە و بەناوی وەزارەتی پوروەدوۆە بۆ مندالآنی گوندی زرگوێز و دەورو بەری تاپۆیشم كردوە.

هەر سەبارەت بە گەشەپێدانی یانەكە وتی: ( هەست بە ئارامی و سەركەوتن دەكەم پێم وایە بارگەو بنەی خۆم گەیاندۆتە هەوار).

ئێستا ئاواتی دروستكردنی بینایەكە بۆ باخچەكە، تا ئەوشوێنە ببێتە مەلّبەندێك بۆ كۆكردنەوەی مندالآنی گوندەكانی دەوروبەری تریش كە لەو دەوروبەرەدان.

(بەهار حەمەئەمین عەلی) كە لەوەوپێش ئەركی مامۆستایی لە یانەكەدا ئەنجام داوە دەیوت: (بەباشترین شێواز لە پەروەردەی هاو چرخ مندالآن ڕاهێنراون، ئێستا كە كراوەتە باخچە زۆرخۆشحالّم، بەلاّم گلەیی ئەوەم هەیە كە لە مامۆستاییەوە دەبمە چاودێر بە غەدری دەزانم، داوا دەكەم هەر





بەمامۆستایی بمێنمەوە تا كاری پەروەردە ئەنجام بدەم چونكە لەمەو پێش هەر خۆم ئەم كارەم بە ئەنجام گەیاندوە)


## سەرنج

لەوەی بەدیم كرد و سەیری نووسراویەكی پەروەردەم كرد، كە دەورو تەسلیمی هەموو كەل و پەلەكان بوو كە عەلیكیتابی خۆی كڕیبونی و داویەتی بە باخچەكە.

لەگەلّ ئەوەشدا ئاوڕدانەوە لەو هەولّ و كۆششانەی كە بە تاكە كەسی دەكرێن و خزمەت بە كۆمەلّ دەگەیەنن جێی سوپاس و ڕێز و پێزانینە كە حكومەتی هەرێم ئەنجامی داوە، هەرچەندە شێوازی پەروەردەیی هاوچەرخ واخەریكە هەنگاو دەنێت دێتە بوواری پەروەردەوە، حەقە ڕەچاوی بوواری پەروەردە بكرێت كە لەیانەی زڕگوێز هەبووە پێش بوونی بەباخچە، ئەگەر بڕیارێك دەر بچێت بۆ ئەو مامۆستایەی لەمەوپێش مامۆستابووە تا بە مامۆستایی بمێنێتەوە و بەشداری خولی پێبكەن، لەبەر ئەوەی تەنها كاری مامۆستایی بووە لە یانەكەدا گشت كارە پەروەردەییەكان لە لایەن ئەو مامۆستایەوە ڕایی كراوە.

ڕەئــــوف ئالانــــی شارباژێر


جیهانی منداڵان 3
ئۆرگانی یانەی سارای منداڵان لە سلێمانی
S.C.C


جیهانی منداڵان
فەلسەفی - ئەدەبی - هونەری و خەبەری
ئۆرگانی یانەی سارای منداڵان لە سلێمانی
شەو لەترسی شەوە وشەیتان فریبیان دای

# جیهانی منداڵان

گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
دەربارەی منداڵان

ژمارە 5



سوپەی پێدانەکەی 8 منداڵێک نەگری....!

# جیهانی منداڵان

گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
دەربارەی منداڵان

ژمارە 6



درەختێک کە رەگ و ریشەی لە خوێن و خوێی زامی ناسۆری جەستە و دڵو دەروونیدا بەزۆر پاراوکرابێ.
کیژۆڵۆکەی شووم لە دەشتی وشک و شاخی رەش و داخی نیشتمانی نێوان دوو زێدا بەزۆر بەرەو
لوتی شیمال فرێدرابێ. دیارە دەبێ گوڵێکی ئاوەها بە قلیپۆپەیەوە روابێ. ئەدەبیاتی گۆڤاری جیهانی منداڵان

# جیهانی منالان

گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
دەربارەی منالان

ژمـــــارە 14



نۆژەنکردنەوەی یانەی سارای سلێمانی

www.imnalan.org

# جیهانی منالان

گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
دەربارەی منالان

ژمارە 11



ئاهەنگی کردنەوەی یانەی سارای منداڵان

لە شـــــاری ســــنە

# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***

***Barnhemet SARA i Zergwez/Slemani***




**Ali Ketabi**
**C/O Shihab Manmy**
**Fjäderharvsgatan 17**
**424 66 Angered, SWEDEN. Tel: +46 (0) 31-3302030**

**Postgiro : 5469 - 4922**
**shihab.manmy@comhem.se**

**ISSN 1651-5188**